شەیتان هیواپراوە لەوەی کە نوێژخوێنان بیپەرستن لە دورگەی عەرەبیدا، بەڵام بێ هیوا نەبووە لەوەی کێشە وناکۆکی لە نێوانیان بنێتەوە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «شەیتان هیواپراوە لەوەی کە نوێژخوێنان بیپەرستن لە دورگەی عەرەبیدا، بەڵام بێ هیوا نەبووە لەوەی کێشە وناکۆکی لە نێوانیان بنێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە ئیبلیس بێ هیوا بووە لەوەی ئیماندارە نوێژخوێنەکان بگەڕێنەوە بۆ پەرستن وسوجدە بردن بۆ بتەکان لە دوورگەی عەرەبیدا، بەڵام هێشتا بێ ئومێد نەبووە، وهەوڵدەدات وکۆشش وکار دەکات بۆئەوەی ناکۆك بن لە ڕێگای هەڵگیرساندنی ئاگری دووبەرەکی ومشتومڕ وشەڕ وفیتنە لەنێوانیاندا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8886